حكومةتى هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
دیراسات و لێکۆڵینەوە

Kurdistan Region Government - Iraq
*Ministry of Finance & Economy*
*General Directorate of Finance*

حكومة اقليم كوردستان - العراق
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المالية العامة

ژمارە: ١٩٦٤٩/٤
ڕێکەوت/ ٢ / / ٢٧١٠ کوردی
ڕێکەوت/ ٢٦/ ١١/ ٢٠١٠ زاینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٤ )
## بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنکی ڕافیدەین
## ب/ قەرزی پیشەسازی

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە ٩٢٤٩/ لە ٢٠١٠/٨/١٨ و بە مەبەستی بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمدا ، بڕیاردرا بە خەرج کردنی قەرزی پیشەسازی و بە شێوەی خوارەوە : -

**یەکەم //**

بەنکی کشتوکاڵ و پیشەسازی هەڵدەستێت بە خەرج کردنی پێشینە بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی ئەوانەی کە مۆڵەتی دامەزراندنیان وەرگرتووە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی یان لە دەستەی وەبەرهێنان پێشینەکەش تەرخان دەکرێت تەنها بۆ کرینی ئامێری پیشەسازی بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە پلانی ساڵانە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیدا هاتووە لەگەڵ پرۆژە پیشەسازییەکانی دەستەی وەبەرهێنان ، بە مەرج تەمەنی ئامێرەکان نابێت لە (٤) چوار ساڵ زیاتر بێت لە بەرواری بەخشینی مۆڵەتەکە .

**دووەم //**

١- ڕێژەی خەرج کردنی پێشینەکە (٦٠٪) ی بەهای خەملێنراوی ئامێرەکان دەبێت .

٢- بڕی پێشینەکە نابێت لە (٥٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار زیاتر بێت .

٣- (٣٠٠ ٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ خەرجییەکانی کارگێری لە کاتی پێشکەش کردنی مامەڵەکە .

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ...

سێ یەم //

١- شێوەی خەرج کردنی پێشینەکە .

أ- (٣٠٪) خەرج دەکرێت دوای ئامادەکردنی بینایە و دیارکردنی جۆری ئامێرەکان و بەڵگەکانی کرین .

ب - (٤٠٪) خەرج دەکرێت دوای کڕینی ئامێرەکان بەپێ ی پسولە و بەڵگەکانی کرین.

ج - (٣٠٪) خەرج دەکرێت دوای دەست بە کاربوونی پرۆژەکە .

٢- ماوەی گەڕاندنەوەی پێشینەکە :

تاکو (١٠٠) سەد ملیۆن دینار لە ماوەی (٣) سێ ساڵ .

(١٠١ - ٢٠٠ ) ملیۆن دینار بۆ ماوەی (٤) چوار ساڵ .

(٢٠١- ٣٠٠) ملیۆن دینار بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ .

(٣٠١ - ٥٠٠) ملیۆن دینار بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ .

٣- **ڕێژەی** سوودی دواکەوتنی قیستەکان (١٠٪) دەبێت لە سەر رەسیدی پێشینەکە .

**چوارەم //**

١- پێویستە وەرگری پێشینەکە مولکێك دەستەبەر بکات لەبەرژەوەندی بەنکی کشتوکاڵ و پیشەسازی سەرەرای کەفیلێکی کەسایەتی .

٢- داواکار پێشتر پێشینەی وەرنەگرتبێت لە یەکێك لە بەنکەکانی پیشەسازی لە هەرێم .

٣- سیستەمی وەرگیرانی قەرز (تدویر الدین) کاری پێناکرێت لە کاتی فرۆشتنی پرۆژەکە یان گواستنەوەی مولکیەتی لە ناوێك بۆ سەر ناوێکی تر .

**پێنجەم //** ئامێرەکان دڵنیایی لە سەر دەکرێت دژی سووتان لە ماوەی قەرزاریەکەی بەپێ ی یاساو رێنماییەکانی کۆمپانیای دڵنیایی .

**شەشەم** // دامەزراندنی پرۆژەکان پێویستە لە شوێنەکانی پیشەسازی دا بێت یان لەو شوێنانەی کە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانی لە سەر وەرگیراوە لەگەڵ پێشکەش کردنی سەنەدی زەوییەکە یان گرێبەستی یاسایی .

**حەفتەم** // ئەم ڕێنماییە لە بەرواری دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

**بایز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ ف. یاسایی/نووسراوی سەرەوەتان/بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی دارایی ئابووری / ب.گ.دارایی (س) .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/دهۆك/سۆران/ئاکرێ/زاخۆ/کۆیە/ بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- چاودێری و پشکنینی دارایی / خەرجییەکان / ژمێرکاری .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سووراو .